# ئەوەی سوپای تورکیا دژ بەخەڵکی کوردستان ئەیکات ناکۆکە بەهەموو یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان .

ڕاگەیەندراوی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان درەبارەی دەستدرێژیەکانی ئەم دواییەی سوپای تورکیا

لەم ڕۆژانەدا جارێکی تر لەشکری تورك کەوتەوە تۆپبارانکردنی ناوچەسنوریەکانی هەرێمی کوردستان , ئەوەیشی لەو تۆپبارانەدا زیانی پێگەیشتبێت خەڵکی سیڤیلی گوندە سنوریەکان بوو , قوتابخانەی گوندێك ڕوخا و چەندکەسێك کوژران و بریندار بوون کە زۆربەیان ژن و منداڵە , سوپای تورکیا بەم کردەوانەی جارێکی تر ئەوەی نیشاندا , کەئەوان تەنها دەستدرێژی و تیکدانی ژیانی ئاسایی خەڵکیان بەلاوە گرنگە , نەك شەڕی چەکدارەکانی pkk کە ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی داوای چارەسەری سیاسی و ئاشتیانەی کێشەی باکوری کوردستان ئەکەن , بۆیە لەپێناوی سنوردانان بۆئەم دەستدرێژیانە داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندی دارەکان ئەکەین هەڵوێستی نکۆڵیکردنی خۆیان بەڕوی سوپای دەستدرێژی کەری تورکدا ئاشکرابکەن و هەرچی زوترە بەهانای ئەو خەڵکە هەژارانەوە بێن کە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەنراون و بەم زستانە ساردە ئاوارەبوون . داوا لەخەڵکی کوردستانیش ئەکەین لەناوەوو دەرەوەی هەرێم بەشدار بن لەهەر هەوڵێکدا کە بۆ پرۆتیستۆ کردنی ئەم دەستدرێژیانە ئەدرێت . چونکە سەرلەنوێ گەرمکردنی کێشە سنوریەکان لەم کاتەدا , کە بۆکورد کاتی ئیشکردنە لەسەر مادەی 140 هەر وا بەرێکەوت نیە , پێویستە ئەو مەرامەی تورکیا پوچەڵبکرێتەوە کەئەیەوێت بەو فشارەی لەسنورەکانەوە دروستی ئەکات , هەڵوێستی کوردی لەبغداد , لەو دانوستاندنانەی لەبارەی مادەی 140 ئەکرێت لاواز بکات , بۆیە جارێکی تریش داوا لەهەموو هێزە سیاسیەکان و ڕێکخراو و ناوەندە ngo کان دەکەین بەشدار بن لە ئیدانە کردنی دەستدرێژیەکانی تورکیا و , چەندیش پێیان دەرکێت مەینەتی و ئازاری ئەو ئاوارانە کەم بکەنەوە کە قوربانی دەستدرێژیەکانن .

مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

هەولێر 2007/12/17